# ئەرێ چەند خەتیی سوور هەیە ؟!!

فەخرەدین گەرمیانی

2005-03-29

کاتیی خۆی کە پێشمەرگە بە یەکەوە جەولەیان بکردایە ، یان ئەگەر لە بنکەکانیش بوایەن جار وبار بۆ خۆشیی و بابەتێکیش بوو لە مەشق و راهێنان بۆ تەققە کردن بە هەموو جۆرە چەکێک بەڵام زیاتر تفەنگ بەکاردەهێنرا ، ئەمە جگە لە خۆشیی ، پێشمەرگەی فێردەکرد کە زیاتر شارەزایی لەو چەکەی کە پێیەتی پەیدا بکات تا لە کاتی شەڕو بەرەنگاریدا لەگەڵ دوژمن .

یەکەم ، نیشانەکانی بە چاکیی بپێکێت ، دووەم ، ئەگەر چەکەکەی ڕاوەستا ئەوەنە شارەزایی هەبێت بە زووترین کات چارەسەری گرفتەکە بکات . ئیتر وەک وتمان جاروبار کۆمەڵە پێشمەرگەیەک کۆدەبوونەوە و نیشانێکیان دادەناو تەقەیان لێدەکرد ، هەندێ جار گرەویان لەسەر شتێک دەکرد لە ناو خۆیانا ، زۆربەی جار یان لەسەر پاکەتە جگەرە یان لەسەر خواردنێک ، ئەگەر هەر هیچ نەبوایە لەسەر فیشەک گرەویان دەکرد ، ئیتر دەبووە هەراو لەو کاتەیا دەرئەکەوت کێ نیشان شکێنەو دەستیی راستەو براوەیە و کێش دەستیی خوارو خێچەو نیشان ناپێکێت و دۆڕاوە .

هەندێ جار لەبەینی دوو کەسا ئەبووە مشتومڕ و گاڵتەیان بە یەکتر دەکرد ، بۆ نموونە ئەمیان بەوی دیکەی دەگوت ، بڕۆ کاکە تۆ لەگەڵ من ناتوانی گرەو بکەیت ئاخر ( تۆ تەپە ناپێکیت ) ئیستا هاتووی لەگەڵ من گرەو بکەیت ؟ مەخسەدی ئەوەبوو کە ئەگەر ئەو کەسە تەققە بکات لە گردێک کە چەند گەورەیە لێینادات ئیتر چۆن ئەتوانێ لەگەڵ ئەو گرەو بکات کە خۆی بە تفەنگچیی و نیشان شکێن ئەزانێت.. لێتان ناشارمەوە کە ماوەیەکە من (تەپە ناپێکم) و سەرم لێشێواوە ، هەرچەند ئەیژمێرم نازانم چەند خەتی سوور بۆ کورد دانراوە ؟؟؟ تا ماوەیەک خەتە سوورەکانی تورکیام ئەزانیی کە ئەمانە بوون (ناوی کوردستان ، زمان و ناو و جلی کوردیی ، ئاڵای کوردستان ، کەرکووک و فیدراڵیی ، هەق و هوقی برا تورکمانەکان ، دەوڵەتی کوردیی و هەنێ جاریش لە برایم خەلیل شریت و سی دی کوردیی و کتێب و جەریدەو هەندێ شتی تریش) پاشان مامۆستای عابا لەشان و عەمامە بەسەر عەبدولعەزیز حەکیم ئەویش هەنێ خەتی سووری فەرموو بۆ کورد ، ئینجا کورەکەی دوو سێ خەتی دانا ، ئا بەچکە شێرەکەی سووریاشم لەبیر نەچێ کۆمەڵە هێڵێک مەخسەدم خەتی سووری دانا ، ئیتر مەپرسە چاوم رێشکەو پێشکە ئەکەن لەبەر ئەو هەموو خەتە ؟؟؟ خەتە سوورەکانی ئاخووندەکانی ئێرانیش با لەوێ بوەستێ ، بابە ئەوە زانیمان خەتەکانی تورکیاو سوریاو ئێران وەک سکەی قیتار بە دوای یەکتردا دەرۆن و دووکەڵیی ڕەش ئەکەن و وەک گەماڵە گورگ دەلوورێنن ، بەڵام لە هەر هەموو خەتەکان عەنتیکەتر خەتەکەی دوێنێ بوو **2005-03-28** کە گوتەبێژی لیستەی شیعە حەیاتەکە فەرمووی ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ناوی (مونتەسیر عەبدولئەمیرە) ئەم بەرێزە دڵی بە کورد نەسووتا پاش ئەو هەموو خەتە سوورانە هات خەتێکی دیکەشی زیاد کرد ئەویش وەزارەتی نەوتە ؟؟ عەجایەب کار وا بڕوات نەخشەی کوردستان وەک کەریی وەحشیی "زێبرا"ی لێدێت بەڵام بە خەتی سوور نەک ڕەش و سپیی !! ئەوەنە خەتی سوورمان هەیە خۆیشمان سەریان لێدەرناکەین .

کار وا بڕوا وردە وردە هەموو دونیامان لێدەکەنە خەتخەتێنە بەڵام بە ڕەنگی سوور ، وەک چۆن بە منداڵیی بە تایبەتیی کچان یاریی خەتخەتێنەیان دەکرد لەبەر هێڵ و خەتی سوور کورد ئەبێ بە (قولان) بڕوات نەوەک لاقی لە خەتێک هەڵکەوێ ، و برا تورک و عارەب و فارسەکانمان تووڕەبن ، ئاخر ئێمە کوا تاقەتی ئەو هەموو جەلەحانێ و قولانەمان هەیە هەی قوڕمدایە ماڵ و وڵاتی هەرسێکتان بۆ خۆتان و خەتی سوورتان.

ڕەنگە من هەنێ خەتم لە بیر کردبێت بەڵام تکایە ئەگەر ئێوە خەتی دیکەش ئەزانن لێمببورن لەبەر خەت چاوم نابێنێت.... تاکو خەتێکی سووری دیکە بە خەتتان ئەسپێرم ببورن بە خواتان ئەسپێرم........